
www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani



# زەرورەتی دروست کردنی بەرەیکی بە هێزی سەربەخۆیی خوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر ئەمڕۆکە!

ئەیوب ڕەحمانی
rahmayub@yahoo.de

سەربەستی و سەربەخۆیی لە جیهانی موتەمەدین و سیڤیلی ئەمڕۆیی لە سەدەی 21 لە هەمو جیهاندا بۆتە ئەمرێکی ڕۆژانە و هیچ نەتەوەیکی بندەست، چ ئەوانەی کە ساڵیانێک بۆ ئازادی بەهایان داوە و شۆڕشیان کردوە و چ ئەوانەی کە تاکو ئێستا باسییان لێوە نەکردوە، ئەمڕۆکە ئیتر رازی نابن بەوەی کە ژێر دەستە و بندەستە بمێنێتەوە و بە هەر شیوەیکی کە بۆیان بگونجێت هەوڵ بۆ سەربەخۆیی و سەربەستی خۆیان دەدەن. ئەمساڵ زلهێزەکان زۆر لە هەوڵی ئەوەدان کە بۆ چارەسەر کردنی بەشێک لە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ نمونە گفتوگۆ و مناقەشە لە ئاستی جیهانیدا بێننە ئاراوە بۆ دروست کردنی ولاتێکی سەربەخۆیی فەلەستینی و بۆ ئەم کارەشیان هەر ڕۆژە لە گوفتوگۆ و دانوستاندان لە گەڵ تەرەفەکانی موناقەشەکە واتە فەلەستین و ئیسرائیل. بە قسەی ئاژانسە هەواڵنێریەکانی جیهان کە لێرە و لەوێ دەبیسترێت، گۆیا بریار وایە کە لە ساڵی 2008دا دەوڵەتێکی سەربەخۆیی فەلەستینی, کە هەنوکەش زۆر کاری بۆ کراوە، دابمەزرێت و وڵاتانی دەستپێشخەری ئەم کارەش، دوا بە دوای دەست لە کار کێشانەوەکەی تۆنی بلێر، سەرۆکی پێشوی حیزبی کار بریتانیا و دواتر سەرۆک وەزیرانی پێشوی بریتانیا، دەست بە جێ ئەمیان کردە بەرپرسی هێنانی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوبراو هەر ئێستاکەش بۆ ئەم پۆستە و بۆ ئەم ئەرکە لە دانوستاندایە.

نمونەیکی تر کە ماوەیکی کورت لە مەو بەر بوە سەر تۆپی هەواڵەکان و لە هەمو دام و دەزگا هەواڵنێریەکانەوە باسی لێ کرا، هەوڵ بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ کۆسۆڤۆ بو کە لە ساڵی 1999وە لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندایە، قسە لەوە دەکرا کە هاشم تاچی کە ڕێبەری سەربەخۆیی خوازەکانی ئاڵبانیایی تەباری کۆسۆڤۆیە و ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردو ڕێکەوتی 19ی بەفرانباری 2708 لە پارلیمانی کۆسۆڤۆ جارێکیتر وەک سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی ئیئتیلافی کۆسۆڤۆ بە 85 دەنگی بەڵێ بەرانبەر بە 22 دەنگی نارازی بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرایەوە، هاشم تاچی دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان وتی، ئێمە بەم زوانە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە ژێر دەستی سێربەکان و روسەکان ڕادەگەیێنین و لە لایەن ئیتیحادیەی ئوروپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە پشتیوانیمان لێ دەکرێت و با دەوڵەتی داگیر کەری سێربیش و هەروەها ڕوسەکانیش ئەم مافە بۆ گەلی ئاڵبانیایی کۆسۆڤۆ بە ڕەسمی بناسن هەر وەک چۆن مافی وا بۆخۆیان قایلن و با جارێکی تریش کێشە نەخەنە سەر ڕێگای ئیرادەی نەتەوەیی کۆسۆڤۆ[1].

[1] کۆسۆڤۆ 15 دەرسەد لە خاکی سێربستانی ئەمڕۆیی لە خۆ دەگرێت!


PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

باسی ئیرادەی نەتەوەیی کرا! بەڵێ ئیرادەی نەتەوەیی ئەو شتەیە کە هیچ دوژمنایەتییەک، هەر چەندیش بە هێز بێت ناتوانێت لە بەرانبەریدا خۆی ڕابگرێت و ئیرادەی نەوەتەیی بە بڕوایی من سێڵاوێکی زۆر گەورە و بەهێزە بە پانایی ئەو وڵاتەی کە ئەو نەتەوە ناڕازیەی تێدا دەژین. تەنیا جیاوازی ئەم ئیرادەیە لەوەدایە کە ئەگەر کز و لاواز و خامۆش و ئارام و ڕازی و قانیع بێت، ئەوا ئەم سێڵاوە هەرگیز نابێتە سێڵاو و ئیرادە بەڵکو هەر وەک ئاوێکی مەند و بێ دەنگ دەمێنێتەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بۆگەنتر و بۆگەنتر دەبێت، بەڵام هەر کات ئەم ئاوە خرۆشا و بوە سێڵاو، نەتەنیا بۆگەن نابێت، بەڵکو ئاڵ و گۆڕ پێ هێنەر، شەپۆل دەر و تورە، دەبێت و ئەوەی پیسی و داگیر کاری و پۆخەڵی هەبێت لە گەڵ خۆیدا دەیبات و دوای ئەمانەش کە ئەو نەتەوە خرۆشاوە بە ئاکامی خۆیان گەیشتن، ئەوجار هێمن دەبنەوە و هەوڵ دەدەن بۆ ئاوەدان کردنەوە و دروست کردنەوەی وڵاتەکەیان و ئەوجار ژیانێکی سەربەست، سەربەخۆ، لە ناو وڵاتەکەیان دروست دەکەنەوە و بەو پەڕی شانازیەوە بە شاخ و باڵی خۆیاندا دەنازن و ئەوەی کولتوری کۆن و نوێی وڵاتەکەیان و نەتەوەکەیانە زیندوی دەکەنە و جا ئەوجار یا ژیان بە کەیفی هەموان دەبێت و دیمۆکراسی و ئازادی و گەشە لە ناو وڵاتەکەدا سەرهەڵ دەدات یا خۆ بە پێچەوانە دەبێت و ئەوجار لەم حاڵەتەدا شۆڕشی ڕیفۆرمخوازی دەست پێ دەکات بۆ مافەکانی ژنان، کرێکاران، سەندیکاکان، منداڵان و هیتر...!




ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر گەلی کوردستان، ئەو گەلەی کە 85 ساڵە خاکەکەی و نەتەوەکەی و ئاو و وزە و حەیسیەتی لە لایەن چەند وڵاتێکی خوێنمژەوە داگیر کراوە، ئەوەیە کە هەمو کەس هەست بەوە دەکات کە ئەم گەلە چارە ڕەشەش وەک هەمو گەلانی دیکەی جیهان مافی خۆیانە کە سەربەست و سەربەخۆ بن و چارەنوسی خۆیان بگرنە دەستی خۆیان، تەنانەت لەم ڕۆژانەدا هەر وەک لە سایتی ڕێنێسانسیشدا هەواڵەکەی هاتوە، گۆڤاری ئاتلانتیک[2] نەخشەی کوردستانی وەک یەک وڵات و یەک نەتەوە کێشاوەتەوە و هەمو ئیعتیبار و حەیسیەتی خۆی بۆ دەرکاندنی ئەم ڕاستیەی کە وڵاتێکی دابەشکراو و گەلێکی لێکترازاو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیە بە ناوی کور و کوردستان خستوتە مەترسی و بە پێویستی زانیوە کە دوبارە ناوی کوردستان بێتەوە ناو ناوان و سەر نەخشەی جوگرافیا، لە گەڵ ئەوەشدا کە دەزانن لە گەڵ دژایەتی توندی فاشیستە تورک و فارس و عەرەبەکانەوە ڕوبەڕو دەبنەوە، بەڵام بۆ ئەوان درکاندن و وروژاندنی ڕاستیەکە گرینگتر بوە لە هەڕەشەی جوجە فاشیستەکان!

بەڵام کوردەکان کە خۆیان خاوەن تەرمەکەن چیان کردوە؟ ئەمە پرسیارێکە کە من زۆر لە مێژە بیری لێ دەکەمەوە و هیچ وەڵامێکی ئەوتۆم بێجگە لە پرژ و بڵاوی نەتەوەی کورد، سەرلێشێواوی حیزبەکان و بە دەربەست

[2] http://www.theatlantic.com/doc/200801/goldberg-mideast

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

نەبونی ئەوان و هەروەها هەوڵ و تەقەلای هەر کامەیان بەس بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بێجگە لەمانە وڵامێکی گونجاوترم بە داخەوە بۆی نیە!!

لە حاڵێکدا کە جیهان دڵی بۆ کورد دەسوتێت و ئاتڵانتیک لەو پەڕی جیهانەوە، بە بێ ئەوەی کێشەی ئەو بێت، دێت و دیان بەو ڕاستیەدا دەنێت کە کوردستان یەک وڵات و یەک نەتەوەیە، بەڵام ئێمەی کورد خۆمان زۆر پرش و بڵاوین و بێجگە لە بەشێکی کەم لە تێکۆشەران، ئەوەی سەرجەم بە دەربەستی نەبین، سەربەخۆیی کوردستانە. هێندێک لە حیزبە "سیاسیەکانمان" شەو و ڕۆژ لە کۆڕ و کۆبونەوەن بۆ هێشتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چوار چێوەی ئێراندا و لە پشتەوە خەریکی سات و سەودا و معامەلەن بۆ بەستنەوەی گەلی کوردستان بە ئێرانەوە و بە قەرز گرتنی تێئۆری فیدڕالیزم بۆ ئێران و پێچانەوەی نوسخەی مانەوەی ئیستیبدادی فارس بە سەر قوڕگی کوردەوە کە بە بڕوای من فیدڕالیزم خوازەکان بەم داوایەیان نە تەنیا خزمەت بە گەلەکەیان ناکەن بەڵکو چەشنێک بە دوا خستنی ئەو گەلە لە مافە ڕەواکانی خۆی و بە فارس و ئێرانی کردنی ئەوانە و بەرگری کردنیانە لە گەیشتن بە مافی ئینسانی خۆیان و نەک هێنانی ئازادی بۆ ئەم گەلە! ئەوان بە دەستی خۆیان پاڵ بە بەختی سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەیانەوە دەنێن و وڵاتی کوردان دەیان ساڵی تر لە سەربەخۆیی و ئیستیقلال دور دەخەنەوە و ڕەنگیشە بە بەستنی چەند دانەیێک بڕیارنامەی شوم، ئەم بەختە بۆ هەتا هەتایە و بۆ هەمیشە وشک و کوێر بکەنەوە!! ئەوەتا لە سایتی ڕینێسانس بەڕێز جەلیل گادانی کەسایەتی سیاسی کورد بە زمانی خۆی هاوار دەکات و دەڵێت: "زۆر زوو باوەر بە دووژمنانمان دەکەین و دەچینە ژێر کاریگەری ئەوان بە داخەوە، بۆ نموونە: هەمزاغای مەنگوڕ فریوی دووژمنانی خوارد وخۆی بە دەستەوە دا و بوو بە فیدای نیشتمانەکەی، سمایلاغای سمکۆ( شکاک) هەروەها، لە کۆماری کوردستانیش دا باوەرمان بە دووژمن کرد و بە هاسانی دووژمن هاتە ناو خاکی کوردستان و دواتریش، دوو ڕێبەری لێوەشاوەی تری حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید د. قاسملوو، شەهید د.شەرەفکەندی زۆر سادەتر لەوانیش دە داوی دووژمن کەوتن!"

جا قسەکانی منیش هەر ئەمانە دەی سەلمێنێت، کە پێچانەوەی نوسخەی فیدڕالیزم هەر ئەو خۆ بە دەستەوە دانە و باوەڕ بە دوژمن کردنەیە. باوەڕ بکەن ئەوەی کە هێندێک ڕێکخراوی فارس و ئازەری و تەرەفدارانی شا کە بە شاخ و باڵی فیدڕالیزمدا هەڵ دەدەن و هێندێک لە ڕێکخراوە کوردەکانیش شەقەی باڵیان دێت کە فارسەکان لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆیاندا ڕێگایان دەدەن و حیسابیان بۆ دەکەن و تەنانەت تلویزیونەکانیشیان خستۆتە ئیختیاریان، ئەمانە تەنیا بۆ هێشتنەوەی تەواویەتی ئەرزی ئێرانی عەزیزیانە و کردنەوەی کوردە بە ئێرانی و بۆ لە بیر بردنەوەی مافی ڕەوای سەربەخۆیی کوردە و دیارە دەستی زلهێزی دەرەکیش بۆ پشتیوانی لەم پلانە لە ئارادایە و تەغزیەیان دەکات، بەڵام ئایا تەغزیە کران و دۆلار شەرەفی ئینسانی گەلی کورد دەپارێزێت، یا خۆ بە دەستەوە گرتنی چارەنوسی خۆمان بە دەستی خۆمان؟

ئەوەی کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسانەی کە بە دەربەستی کوردستانەوەن و پییان وایە کە تەنیا سەربەخۆیی و ئیرادەی نەتەوەیی دەتوانێت ئازادی یەکجاری بۆ گەلی کوردستان بێنێت، پێویستە کە هێندێک زیاتر بجوڵێینەوە و من پێم وایە کە هەر ئەمڕۆکە لە بیری دامەزراندنی بەرەیێکی بەر فراوانی سەربەخۆییخوازان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بین و بە هەمو دەنگمان باشتر دەبیسترێت و زیاتر بڕ دەکەین، تاکو ئەوەی کە هەر کەسەی بۆ خۆی لە ئاوازی خۆی بخوێنێت و پێشمان وا بێت کە خەریکین کار دەکەین بۆ کوردستان و منەتیش

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**بکەینە سەر هەمو لایێک. ئەم بەرە پێویستە خۆی لە هەمو بوارێکدا، چ ئابوری و چ ئینسانی بە هێز بکات، پێویستە کە تلویزیونێکی هەبێت و چەندین رۆژنامە و گۆڤار دەر بکات، بۆ ئەوەی کە بەس بەم شێوەیە دەتوانین ئیرادەی نەتەوەیی کوردستانی بونمان ببزوێنین و رێگاش لە فرت و فێڵ و خیانەت بگرین!**

**دروست کردنی بەرەیێکی بەر فراوانی سەربەخۆیی خوازی نە تەنیا لە رۆژهەلاتی کوردستان پێویستییێکی هەنوکەیی و مێژوییە و دەبێت هەنگاوی زۆر قایمی بۆ هەڵبگیردرێت، بەڵکو هەنگاو هەڵێنان بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی بە هێزی سەرتاسەری لە هەمو کوردستان وەزیفەی سەرشانی تاک تاکی گەلی کوردستانە و ئەمە ئاوات و ئارەزوی هەمو کوردستانێکی ئازادیخواز و بەدەربەستە و پێشم وایە کە جیهانیش و داگیرکەرانی کوردستانیش ناچارن لە قەبوڵ کردنی ئەم ئیرادەیە و تورک و فارس و عەرەبیش پێویستە کە ئەم جامی زەهرە بنۆشن و نیشتمانی کوردان بە دو دەستی پێشکەشی کوردەکانی بکەنەوە، دیارە ئەگەر کورد خۆی بیهەوێت خاوەنی خۆی بێت و ئیرادە بکات، ئەگینا با لێبگەرێن ئەوان چارەنوسمان بۆ دیاری بکەن؟!**

**پیرۆز بێت هەڵمەتی دروستکردنی بەرەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان**

27**ی بەفرانباری** 2707

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com